”

## وتووێژ لەگەڵ

# ڕێبوار سیوەیلی

“

### ژیاننامەیەکی کورت

ڕێبوار سیوەیلی، کوڕی حەمەئەمین ئاغای حەسەن ئاغایە. ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی «باریێ بچووک» لە دەڤەری سیوەیلی شارباژێڕی سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە سلێمانی تەواوکردووە. چۆتە پەیمانگای هونەرەجوانەکان و بە نیوەچڵی ناچار بە جێهێشتنی کراوە. ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ خانەوادەکەی دەربەدەر بووە و پاش ماوەیەک مانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕێگەی تارانەوە بەرەو دیمەشق و لەوێشەوە بۆ وارشۆ، چووە، لە ساڵی ١٩٨٨ دا لە وڵاتی دانمارک بۆتە پەنابەری مرۆیی و دواجار بۆتە هاووڵاتیی ئەو وڵاتە.. هەر لە دانمارک دەستی بە خوێندنی دواناوەندی کردۆتەوە (١٩٩٤) و لە زانکۆ وەرگیراوە. بەکالۆریۆس(١٩٩٦) و ماستەری(٢٠٠٠) لە بواری فەلسەفەدا لە زانکۆی (Roskilde) وەرگرتووە و هەمان ساڵ گەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستان و لە زانکۆی سەلاحەدین، لە هەولێر وەک مامۆستای یاریدەدەر دامەزراوە. ساڵی ٢٠٠٥ بۆتە مامۆستا و لە ساڵی ٢٠٠٧ بەشی فەلسەفەی لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، کردۆتەوە و سەرپەرشتیی بڵاوکردنەوەی چەندین بەرهەمی فەلسەفیی کردووە کە دەزگای موکریانی بڵاوی کردوونەتەوە. ساڵی ٢٠١٢ بۆتە پرۆفیسۆری یاریدەدەر. لەسەر داخوازیی خۆی دەستی لە سەرۆکایەتیی بەشی فەلسەفە هەڵگرتووە و لە زانکۆی سلێمانی و زانکۆی ڕاپەڕین لەسەر داوای ئەو زانکۆیانە، وانەبێژ بووە و لە ساڵی ٢٠١٥وە لە ئەکادیمیای کوردیی کار دەکات و لە(٢٠١٨/٣/٤)وە بە هەڵبژاردن بۆتە ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی. بە زمانەکانی کوردی، فارسی، دانمارکی، عەرەبی و ئینگلیزی بەرهەمی بڵاوکراوەتەوە. لە چەند سەنتەر و دەزگایەکی توێژینەوەیی ئەندام بووە و هەیە. ئێستا ئەندامی بۆردی جێندەرناسیی زانکۆی سلێمانی و بەڕێوەبەری «ڕێکخراوی زەریاب»ـە بۆ چاپ و چالاکیی ڕۆشنبیری و کولتووری و بەرپرسی بۆردی ئەدەبە بۆ ئینسکلۆپیدیای شاری سلێمانی، بە سەپەرشتیی یۆنسکۆ. جگە لەچەندین وتار و لێکۆڵینەوە لە بواری کاری زانکۆییدا، چل و یەک کتێبی لە بوارەکانی، ڕەخنە و هزر و فەلسەفە، بەرهەمی ئەدەبی، گفتوگۆ و هەڤپەیڤیندا بڵاو کردووەتەوە و حەوت کتێبیشی لە زمانەکانی دیکەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

*پەروەردە یەکێک لەو بابەتانەیە کە هەمیشە مایەی گرنگی پێدان بووە. ڕەوتی «بەمرۆڤبوون» لە ڕەوتی پەروەردەدا دێتەدی، واتە بە پەروەردە مرۆڤ لە «بوونەوەری زیندەناسانە»وە دەبێت بە «بوونەوەری فەرهەنگی».*

**پێشنگ** بە گشتی دەبێ چۆن پەروەردە *پێناسە بکەین. ئایا ئامانجی پەروەردە، وەدەستهێنانی «فەزیلەت»ە؟ ئەگەر وا بێت دەتوانین بڵێین «سوود» و «کارایی» وەک «فەزیلەت» لەبەرچاو بگرین؟*



لە پێناسەکردنی پەروەردەدا هیچ (دەبێ)یەک لە ئارادا نییە. چونکە ئەگەر مەرجمەندانە پەروەردەمان پێناسەکرد، واتە کۆتوبەندمان کرد و سنوور و ڕێگرمان لەپێشدا قیت کردنەوە و کردمانە ڕەوەندێکی تەمێکردن و بەرزەفتەکردن. لەکاتێکدا بنەما و جەوهەری پەروەردە لەسەر تێگەیشتنێکی تایبەتەوەیە لەسەر ئازادیی بۆ مرۆڤ وەک ئەوەی ئامادە دەکرێت بۆ داهاتووی گەردوون و مرۆڤایەتی. بەم مانایە، فەزیلەتی پەروەردە ئەوەیە کە مرۆڤێک ئامادە بکات بۆ داهاتوو، کە گەردوون بە نیشتمانی خۆی بزانێت و بەدوور بێت لە کۆی ئەو ڕێگرە ئایدیۆلۆژی،

ئایینی، ڕەگەزی و کولتوورییانەی کە مرۆڤ ئاراستە دەکەن بۆ ئەوەی لە یەک چێوەدا جێگیر بکرێت. پەروەردە هەمان ئامانجی ئایدیۆلۆژیا، ئایین و کولتووری نییە و دەیەوێت مرۆڤ، یان تاکەکەس لەو سنوورە دەستوپێگرانە ڕزگار بکات تا بتوانێت بە ئازادانە بیر بکاتەوە. وشەی فەزیلەت لە یۆنانی کۆندا واتە «ئاریتە» یان توانایی. توانایی مرۆڤ لە کوێدا خۆی پێشان دەدات؟ بێگومان لەو شوێنەدا کە مرۆڤ ئازادە و بە ئازادی بیر دەکاتەوە. بۆیە ئەگەر پەروەردەیەکی دروست بتوانێت مرۆڤ بە ئازادی و بە ئازادیی بیرکردنەوە بگەیەنێت، بە مانای ئەوەیە پەروەردە خۆی لە ئایدیۆلۆژیاکان جیا دەکاتەوە و مرۆڤ بە ئاراستەی داهاتوودا دەبات و پۆتێنشێڵ و وزەی هێزەکی(بالقوە) بوونی ئەو مرۆڤە دەکاتە وزەیەکی کردەکی(بالفعل).

لەبەر ئەوە فەزیلەتی پەروەردەیی ئەو بیرۆکە سیاسییەیە کە لە پەروەردە، مرۆڤێکی پاشەڕۆژیانە دروست دەکات و ئەم مرۆڤەش دەبێتە وزەیەکی ناوەکیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. بۆیە پەیوەندییەک لە نێوان تاکە مرۆڤ، پەروەردە و داهاتوودا لە پەروەردەدا دێتە ئاراوە و ئەمەش بەمانای ئەوەیە کە پەروەردە دابینکەری هەر داهاتوویەکە، کە مرۆڤایەتی پێویستی پێیەتی و مانەوەی خۆی لە ڕێگەیەوە دابین دەکات. وەلێ ئەگەر پەروەردە بەم مانایە بیرۆکەیەکی سیاسی نەبوو، ئەوە پەروەردەکردنیش نابێتە ئایدیالی کۆمەڵگە بۆ مانەوەی خۆی لەسەر بنەمای دروستکردنی مرۆڤی نوێ و پاشەڕۆژیانەوە. بەڵکو دەبێتە ئامرازێکی ڕامکردن و تەمێکردنی کەس، چاوشکاندن و غیرەتشکێنی و دیسیپلینکردنیان بە هۆی میکانیزمە قوتابخانەییەکانەوە، تا لەوێدا کەسبوونی کەس لەبار بخرێت. لەبەر ئەوە بوونی دامەزراوەی پەروەردەیی و قوتابخانە و مامۆستا و تەکنەلۆژیا، هیچیان بەمانای بوونی پەروەردەیەک نایەن، کە ئامانجی بەرجەستەکردنی توانایی مرۆڤ بێت. پەروەردە لەیەک کاتدا بیرۆکەیەکی سیاسیی، ئایدیالێکی کۆمەڵگە و گرتنە بەری ڕێوشوێنگەلێکە، بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین ئازادی بۆ مرۆڤ (تاکەکەس) تاکوو تیایدا بیر بکاتەوە و داهێنان بکات.

*ئایا «پەروەردەی نەتەوەیی»، پەروەردەی نیشتمانی» و «پەروەردەی مەدەنی»، دەکرێ بگوترێ هەر سێکیان لە چوارچێوەی «پەروەردەی سیاسی»دا بگونجێنرێن؟*



بەڵێ ئەوە ڕێک بە تێگەیشتنی من ئامانجی پەروەردەیە وەک بیرۆکەیەکی سیاسی، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە ڕێگەی پێکەوە بەستنەوەی ئەو سێ چەمکەوە، مرۆڤێکی خاوەن وابەستەیی یان ئینتیمای نەتەوەیی، مرۆڤێکی خاوەن شوناس و مرۆڤێکی شارستانییانەت بۆ بەرهەم بهێنێت. بەهۆی یەکەمیانەوە خۆی پێناسە دەکات، بەهۆی دووەمیانەوە ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات و بە هۆی سێیەمیشیانەوە خۆی دەکاتە بوونەوەرێکی گەردوونی. ئەگەر پەروەردە بیرۆکەیەکی سیاسی نەبێت و سیاسەت نەتوانێت ئەرکە پەروەردەییەکان پێشنیار بکات، پەروەردەش دەبێتە ئامرازێک بەدەستی ئایدیۆلۆژیا و ئایینەکانەوە و بەو جۆرەی دەیانەوێت مرۆڤەکان بەهۆیەوە ئاراستە دەکەن و بەرەو جەهەندەمێکیان دەبەن، کە خۆیان مەبەستیانە. هەر لەبەر ئەوەش دەبینیت لەپەروەردەدا هیچ مژدەیەک نابەخشرێت؛ هێندەی ئەوەی ڕەوەند و پرۆسەیەک دەخرێتە گەڕ بۆ ئامادەکردنی مرۆڤێکی پاشینەیی و دواڕۆژیانە، لە کاتێکدا مژدە چەپکە دڕکی هەر ئایدیۆلۆژیا و ئایینێکە بۆ داهاتوویەکی پۆتۆپیایی و نەزانراو و نەناسراو.

*کەسانێک لەو باوەڕەدان*

*لە جۆرەکانی پەروەردەدا هەمیشە دژایەتییەکی «ناوکۆیی»هەیە. بۆ نموونە: ناتوانین دەستەبەری ئەوە بکەین کە ڕەفتاری نەتەوەیی، بە شێوەیەکی مەدەنییانە دەربکەوێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە پەروەردەی نیشتمانی دەتوانێ یارمەتیدەری ڕەفتاری مەدەنییانە بێت، بەڵام لە سەرێکی دیکەوە «نەتەوەیی» و «نیشتمانی»ش ڕەنگە لە باری بنەماییەوە لە یەک پێوەری ڕەفتاریدا کۆ نەکرێنەوە؛ ئایا لە ڕوانگەی بەڕێزتانەوە ئەم بەڵگەهێنانەوەیە چەند ڕاستە و بۆ چارەسەریش چ ڕێگەیەک پێشنیار دەکەن؟*



زۆر جار بوونی دژایەتی و دژوازی بەمانای هاندەرە بۆ ئەوەی بیر لە شتی نوێ بکەینەوە، یان واقیعەکە وەک ئەوەی کە هەیە، بناسین. تا ئەو شوێنە ڕەفتاری نەتەوەیی دژی ڕەفتاری مەدەنیانەیە، کە ئەو ڕەفتارە لە بنەمایەکی نەتەوەخوازیی داخراوەوە سەرچاوەی گرتبێت و ڕەفتارێک بێت لەسەر بنەمای حەماسەسازی و ڕەگەزپەرستی و ڕقبوونەوە لە ئەوانیتری غەیرەخۆمانەوە، بینا کرابێت. لە دنیای مۆدێرندا هەر یەک لەو جۆرە ڕەفتارانە پابەند کراون بە شتێک لە سەرووی میزاجی مرۆڤ و ویستە خۆپەرستەکانیانەوە، کە ئەویش یاسایە. هەر یەک لە ڕەفتاری نەتەوەیی، نیشتمانی و مەدەنیانە لەبەرامبەر یاسادا مافی چون یەکیان هەیە. تۆ دەتوانیت لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی نەتەوەییدا، بیر لەو ڕەفتارە بکەیتەوە کە گوزارشە لە بیرکردنەوەکەت، بۆ نموونە هەر کەسێک کە خۆی بە کورد دەزانێت، بۆی هەیە شانازی بە جەژنی نەورۆزەوە بکات و بەو جۆرە هەڵسوکەوت لەو بۆنەیەدا بکات کە تێگەیشتنەکەی لەخۆی دەسەلمێنێت. بەڵام ئەگەر بیەوێت بەزۆر هەمووان، کە تێگەیشتنێکی دیکەیان لەسەر خۆیان هەیە، وەک ئەو خۆشحاڵی بنوێنن و ئەگەر وایان نەکرد، هەڵوێستیان لێ وەربگرێت و بەچاوی سووک تەمەشای جەژنەکانی ئەوانی تر بکات، ئەوە ئەو بەو ڕەفتارەی نەبۆتە مایەی شانازیی نەتەوەیی. کەوایە ڕەفتاری نەتەوەیی، وەک چۆن ئەنجامی بیرکردنەوەیە لە چوارچێوەی نەتەوەدا، پێویستە هەربەوجۆرەش ڕەفتارێک بێت شکۆی نەتەوە بەرز ڕابگرێ و شانازی بەدەست بهێنێت، نەک ڕقی ئەوانی تر بووروژێنێت. من لەو بڕوایەدام لە هەناوی هەموو ڕەفتارێکی نەتەوەییدا بیرکردنەوەیەکی مەدەنیانەش هەیە و ئەمە بۆ ڕەفتاری نیشتمانیش لە ئاست ڕەفتاری نەتەوەییدا هەر ڕاستە. ڕەفتاری نەتەوەیی لەسەر بنەمای تەبایی و توانەوە لەگەڵ یەکدا دروست دەبێت و ڕەفتاری نیشتمانییش لەسەر بنەمای گونجان و ڕێزی بەرامبەر، لە کاتیکدا ڕەفتاری مەدەنیانە یاسامەندە و کۆکەرەوەیە. بۆیە من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم کە ئەمانە لێکدابڕ دەکات و لێکیان هەڵاوێری. چونکە پێم وایە دەکرێت خاڵێکی هاوبەش کۆیان بکاتەوە. دوو هاوسەری نەتەوەجیاواز، لە یەک نیشتماندا دەتوانن لە یەک کاتدا ڕەفتاری نەتەوەیی و نیشتمانی و مەدەنیانە لە ئاست یەکتردا بنوێنن، بەبێ ئەوەی جیاوازیی نەتەوەیی، ببێتە هۆکاری ئالۆزی نانەوە لە نێوانیاندا. هەریەکەیان ماف و حەققی خۆیەتی لە ڕوانگەی نەتەوەییی خۆیەوە ئەو مەراسیمانە لە ماڵەکەیاندا ساز بکات کە گوزراشن لە تیگەیشتنە نەتەوەییەکەی و بەرامبەریش بە هەمان شێوە. بۆ نموونە هەریەکەیان زمانی زگماکی خۆی فێری وەچەکانیان بکەن، ئەمەش لە کاتێکدا هەردووکیان ببنە سەرچاوەی فێرکردنی ڕەفتاری مەدەنی بە منداڵەکەیان. گرنگە مرۆڤ توانایی ئەوەیەی هەبێت، (ئەمەش شتێکە پەروەردە تیاماندا دەیخەملێنێت)، کە لەدەرەوەی شوناسی نەتەوەییەوە لەخۆی تێبگات، لەدەرەوەی شوناسی نیشتیمانییەوە هاونیشتیمانیانە بیر بکاتەوە و هەمیشەش خۆی لە ئاست یاسادا بە یەکسان تەماشا بکات. بوونی

ياسای مەدەنی کە بنەوانێکی سیکیۆلارییانەی هەبێت، بەمانــای بوونی گەرەنتییەکە کە مافی هەمووان بە یەکسانی پارێزراوە و ئەمەش ڕێگە دەگرێــت ئەندامانی ئــەم نەتەوەیە خۆیان پێ بەرزتر و پیرۆزتربێت لە ئەوانیتر. بۆیە لە ئاست هەمــوو دژواز و ناکۆکــە نەتەوەیــی، ئایینی و نیشــتیمانییەکان و هەروەهــا بنەچەخوازیی و نەژادباوەڕییەکانــدا، دەکرێت ســیکیۆلاریزم و بــاوەڕی ڕەها بە یاســا لە هــەر پەرگیرییەک ڕزگارمــان بکات، بەبێ ئەوەی کەس ناچار بێت دەســت لە نــەژاد و ئایین و نەتــەوەی خۆی هەڵبگرێــت، یان بتوانێت بە هــۆکاری دین و نەژاد و نەتەوە، خۆی بەسەرئەوانیتردا بسەپێنێت.

**تیشک:** *لەم ســەردەمەی ژیانــی فەرهەنگیی نەتــەوە و گەلانــدا چوارچێــوەی خێــزان لە دەستنیشانکردنی نۆرمی ڕەفتاریدا هێندە برشتی نەماوە، تەنانەت دامەزراوەکانی دەوڵەتی مودێرنیش بە کۆمەڵــە نۆرمێکــی دەرەوەی خۆیان گەمارۆ دراون، لەم بارودۆخــەدا ئایا وێژمان(دیسکۆرس)ێکی زاڵی پەروەردەی جیهانی لە دایک دەبێ یان بەپێچەوانەوە بەگشــتی فۆرمەکانــی پەروەردە دەشێوێن؟*



من هەمیشــە لەخۆم دەپرسم ئایا تێگــەی ئێمە لەســەر جیهان، ئەو جیهانەیــە کــە لەمیدیاکانــدا دەبینرێت، یــان جیهان زۆر لــەوە گەورەتر و بەرینترە کە هێشــتا میدیای جیهانی پیشــانی نەداویــن. ئێمــە دەزانین کە ســەدان جۆری کولتووری دیکە هێشــتاکەش درێــژە بە ژیان دەدەن و خێزان تیایاندا لە چەقی بڕیارداندایە، کــە هێشــتا دەســتی جیهانگەراییــان پێ نەگەیشــتووە. بۆیە لەو بڕوایەدام کە ئەوەی لە جیهانگەراییدا وەک ســەرجەمی جیهان خۆی دەنوێنێت، هەمــوو جیهان نییە. هەر بۆ نموونە یەکەی هەرە سەرەکی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا گونــدە، کە ژیانی ســەدان خێزانی تێدا بەڕێوە دەچێت، کە نەبوونەتە بابەتی هیچ میدیایەک و ئێمە لە فەرهەنگ و شــێوەژیانیان هیچ نازانین. وردە کولتوورگەلێک لە جیهاندا سەردەســتەن کە بانگەشەی گڵۆباڵیزم نایانگرێتەوە و دریژە بە ژیانی نەریتی دەدەن و هیشتاکەش لەو شوێنانە باوک و نێرینە دەسەڵاتی بڕیاریان لە دەستدایە و بۆ هیچ یاسایەکی جیهانگەرایی پێمل نابن و زنجیــرە ڕەفتــاری تایبــەت بەخۆیــان بەرهەمدەهێننــەوە. ئەوانــە لە گۆشــەگیریی کولتووریــی خۆیانــدا بەســەردەبەن و نۆرم و ڕەفتــاری خۆیــان و جیهانبینیــی تایبەت بە خۆیانیان هەیە. بۆیە جیهان لە ڕووی تیۆرییەوە هەر تەنیــا ئەو جیهانــە نییە کــە کولتووری جیهانگەرایی دەستی پێی گەیشتبێت. سەبارەت بــە دەوڵەتــەکان شــتێکی دیکەیــە، چونکە دەوڵەتەکان ناچارن لە پەیوەندیدا بن و مانەوە و بەردەوامیــی خۆیان لەو تــۆڕەدا ببیننەوە کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەوە دەیانبەستێت بە دەوڵەتانی ترەوە. بۆیە بە ناچاریش، زۆر جاریش بە درۆ و فێڵ، خۆیــان پابەند بەو پرۆتۆکۆڵ و یاســا و پەیماننامانەوە دەکەن، کە بڕواشــیان پێیان نییە بەڵام واژۆیان دەکەن بۆ ئەوەی بەو مــاف و جیاووک(ئیمتیاز)انــە بگــەن کە لەو ڕێگەیەوە دەســتیان دەکەوێت. ئەمە بۆ نموونە ژینگەپارێــزی دەگرێتەوە، ڕێزگرتن لە منداڵ و ژن و مافــی مــرۆڤ دەگرێتــەوە، ڕێزگرتن و بەرقەرارکردنی یاســا دەگرێتەوە و کەچی ئەو دەوڵەتانە لە وڵاتەکەی خۆیاندا هیچکام لەمانە جێبەجێ ناکەن و بگرە بە ئاشــکرا و بە نهێنی پێشێلیان دەکەن. کۆماری ئیسلامی و کۆماری تورکیا دوو نموونەی ئەو دەوڵەتانەن کە زۆرترین پەیماننامەی جیهانییان واژۆ کردووە، کەچی لە ڕیزی هەرە پێشــەوەی دەوڵەتە پێشێلکارەکانی جیهانیشن.

لەوەها بارودۆخێکدا وێژمان، یان گوتارێکی پەروەردەیــی زاڵ دەکرێت کە بەشــێک بێت لە کــۆی سیســتەمەکە، نەک پــەروەردە بەو مانایەی بەرهەمێهنــەری مرۆڤێکی دواڕۆژییە.

ئەمەش لەو ئاراستەیەدا دەبینینەوە، کە ڕەوتی تایبەتیکردنــی پەروەردە لــە جیهان و وڵاتانی تازە ڕێکەوتــوو و کۆمەڵگــە دواکەوتووەکاندا، پەرەی پێ دەدرێت و لەســەر دوو بنەما کاری خۆی دەباتە پێش: یەکەم ئەوەی هەر شــتێکی خۆمان دواکەوتووە و تەنیا بە دەستەودامانبوونی کولتووری خۆرئاوا ڕزگارمان دەبێت، دووەمیش بە هۆی بەپیرۆزکردنی زمانی ئینگلیزییەوە. ئەم دوو میکانیزمــە کاریگەریــی باڵایان هەبووە لە ڕەوتی تایبەتیکردن(پرایڤاتیزەکردن)ی کایەی پــەروەردەدا و وەپاشخســتنی پەروەردەیەکی خۆماڵی لەســەر بنەمای ئەزموونەوە. لەبەرئەوە، گوتاری زاڵی پەروەردەیی لە ئێســتای جیهاندا بریتیە لــە گوتارێــک، کە بازرگانیســەنتەر و ســوودخوازانەیە نەک بەهادروستکەر. ئەوەش بەمانــای ئەوەیــە کە فۆرمێکــی پەروەردەییی جیهانگرەوە لە ڕێگــەی میکانیزمەکانی بازاڕی پەروەردەییــەوە، جێــی بۆ خــۆش دەکرێت و چینــە باڵاکانــی کۆمەڵگەی بۆ دنــە دەدرێت تــا منداڵەکانیان لــە کێبەرکێی گەیشــتنەوە بــە ئەوروپــا بنێرنە ئــەو قوتابخانانە تــا زمانە ئایدیالییەکە فێر ببن و هەرچی زووترە داهاتوو بۆخۆیــان مســۆگەر بکــەن. لە بنەمــادا ئەمە دادۆشینیکی دیکەی بازاڕی سەرمایەدارییە کە لە ڕێگەی قوتابخانە تایبەتییەکانەوە توانیویەتی نایەکسانییەکی پەروەردەیی بهێنێتە ئاراوە. لەم ڕێگەیەشەوە فرەپەروەردەیی، کراوەتە قوربانیی یەک فۆرمی پەروەردەکردن کە پێشنموونەکەی ئەوروپایە و زمانە ئایدیالییەکەشی ئینگلیزییە.

*ئــەوەی لــە هەمبەر کــوردەوە گرنگــە، بەڕێوەبردنی ســێ پرۆســەیە کە بەداخەوە دەکرێ بگوترێ ســێ پرۆسەی «وەدرەنگخــراو»ن، واتــە «پــەروەردەی نەتەوەیــی»، «پــەروەردەی نیشــتمانی» و «پەروەردەی مەدەنی». ئایا دەکرێ ئەم سێ پرۆسەیە هاوکات لە بارودۆخێکی سیاسیی ئێســتای کورد و کوردستاندا بەڕێوە بچن؟ ڕێکخــراو و حزبەکان دەرۆســتی بابەتەکە دێن یان دەبێ وەک هەمیشــە دوا بخرێن و دیارە سەدەی بیســت و یەک ئاسۆکانی هێنــدە لێڵن کــە ئێمە مەترســییەکانی دواخستن نابینین، لەو بارەوە ڕاتان چۆنە؟*



کێشــەکە ئەوەیە کە هەتا ئێستاش بۆ ئێمــەی کورد و لە نــاو هزری سیاســیی حزبــەکان و بگــرە حوکوومەتی هەرێمیشــدا، مەسەلەی پەروەردە نەبۆتە ئایدیالێکی سیاسی و خەونێکی کۆمەڵگە بۆ دروســتکردنی داهاتووی خــۆی. جاران لە حەفتا و هەشتاکاندا دروستکردنی قوتابخانەیەک لــە پێگەی خەباتی نەتەوایەتیدا بوو، ئەمێســتا دروســتکردنی مزگەوت شــوێنی بە بیناکردنی قوتابخانــە چۆڵ کردووە. باڵادەســتیی گوتاری ئیسلامی سیاسیی و ملکەچبوونی حزبە کوردییە نائیســلامییەکان بەم گوتــارە، وای کردووە بۆ بەدەســتهێنانی ڕەزامەندیی دەنگدەران هەمان گوتــار دووبــارە بەرهــەم بهێننــەوە. نەبوونی گوتارێکی سێکیولار و یاسامەندیش وای کردووە هیچکامێک لــەو بنەمــا پەروەردەییانە وەک پێویســت نەچن بەڕێوە. لە دەیەی پەنجاکانی میلادییــەوە، کتێبەکەی ئیبراهیم ئەمین باڵدار بەنــاوی (ئەلف و بێــی نوێی کــوردی) وەک ســێکیۆلارترین کتێبێک بــۆ فێربوونی زمانی کوردی تا دەیەی نەوەدەکان، وای کردبوو هیچ جێگرەوەی نەبێت و سوودێکی زۆر بە فێربوونی زمانــی کــوردی وەک بەشــێک لــە خەباتی نەتەوەیی بگەیەنێت. کەچــی لەگەڵ زاڵبوونی گوتاری ئیسلامی سیاسیدا و نفوزکردنیان بۆ نێو کایەی پــەروەردە، یەکەم کاریــان لادانی ئەم کتێبەیە لە سیستەمی پەروەردە. بەم کارەشیان گورزێکــی هەرە کوشــندە لە زمانــی کوردی دەدەن و هیــچ کتێبێکی دیکــە جێگەی ئەم بەرهەمە ناوازەیە بۆ فێربوونی زمانی کوردی لە قۆناغــی ســەرەتاییدا ناگرێتــەوە. ئەمە پێمان دەڵێت ئەگــەر جاران حکوومەتــە نەیارەکانی

کورد بە سیاسەت و پلانێکی دووژمنکارانە ڕێگیرییان لە فێربوونی زمانی کوردی دەکرد، ئێستە هێزە ناوخۆییەکان دەنێو سیستەمی حوکمڕانیی خۆجێییدا ئەوکارە زۆر بە ئاسانی دەکەن. ئەوەش دەیسەلمێنێت، کە پەروەردە نەبۆتە ئایدیالێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی حکوومەتی هەرێم و کۆمەڵگەی کوردستان.

*لە هەرێمی کوردستان و هەر لە ساڵی ١٩٩٢ کە یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەکار بوو، لە یەکەم بڕیارەکاندا باس لەوە کرا کە زمانی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن دەبێ بە کوردی بێ. بەڵام لە ئیستادا دەبینین کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو قوتابخانە ئەهلییانە پەرە دەستێنن کە بانگەشەی خوێندن بە یەکێک لە زمانە بیانییەکان دەکەن. ئێوە چۆن ئەم دۆخە هەڵدەسنگێنن؟*



ئەو بڕیارانەی ئەو کاتە دراون بڕیاری زۆر گرنگن، کە بەداخەوە بەرگەی لێشاوەکانی لەوەدوای تایبەتیکردنی خوێندنیان نەگرت و وەلا نران. تایبەتیکردنی خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا لە هەمان کاتیشدا بەبازرگانیکردنی خوێندن و پەروەردە بووە. ئەمە جگە لەوەی سیاسەتی بازاڕی ئازاد، لێدانێکی توندی لە کۆمەڵگەی کوردی دا، کە هەستانەوەی زۆر زەحمەتە. شەپۆلی سەرسوڕمان بە ئەوروپا و زمانی ئینگلیزی، وەک دیۆجامەیەک کۆمەڵگەی ئێمەی ڕاوکرد و دەستەوتوێژێکی ئەوتۆ پەیدابوون کە لە پێناوی دامەزراندنی قوتابخانە تایبەتییەکاندا، باکیان لە سڕینەوە و بەپەراوێزخستنی زمانی کوردی نەبوو. ئەمانە نەشیاندەزانی بە بەرزکردنەوە و بە پیرۆزکردنی زمانە بیانییەکان، چ گورزێک لە شوناسی کوردبوون دەوەشێنن کە پێکهێنەرێکی سەرەکیی ئەو شوناسە لە ڕێگەی زمانەوە دەبێت. هەموو ئەمە بەرەنجامی سیاسەتی بازاڕی ئازاد و نەبوونی مەرج بوو بۆ ڕێزگرتن لە زمانی کوردی. تەنانەت ئەو هەموو بیانی و کۆمپانیایانەی هاتنە هەرێمەکەشەوە، هیچ مەرجێکی فێربوونی زمانی کوردی وەک پێشینەیەک بۆ دەستبەکاربوونیان دانەندرا. ئەمەش پێچەوانەی یاسای گشت وڵاتانە کە فێربوونی زمان دەکەنە مەرجی هەلی کار و مانەوە لە وڵاتەکەدا. لەگەڵ سەرهەڵدانی چینێکی نوێی کۆمەڵایەتیشدا، کە بەهۆی دەوڵەمەندییەکەیانەوە دەیانویست خۆیان لە باقیی چین و توێژەکانی دی جوێ بکەنەوە، ئەم قوتابخانە تایبەتیانە پەرەیان سەند و ئیتر زمانی کوردی لەچاو زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبییدا، چون ئاوارەیەکی زۆری عەرەبیش ڕوویان لە هەرێم کردبوو، بەتەواوی بێناز بوو. ئێستا نەوەیەک پێگەیشتووە نەک هەر کوردی نازانێت و ناتوانێت پێی بنووسێت و پێی بخوێنێتەوە، بەڵکو لەڕووی دەروونییشەوە ڕووی نایەت لەناو کەشی قوتابخانە و مۆڵەکاندا قسەی پێ بکات. ئەمەش ئاشکرای دەکات کە زمان لە کۆلۆنیزەکردنەوەی مرۆڤی کورددا چ دەورێکی خراپی هەیە. وەختێ ئەتۆ دێی بەهەر بەڵگەیەک زمانی بیانی بەسەر زمانی نەتەوەییدا زاڵ دەکەیت، ڕۆح و زەین و دەروونی ئەو نەتەوەیە کۆلۆنیزە دەکەیت. من لە کتێبی (فەلسەفە، ڕەگەزپەرستی، پەروەردە ٢٠١٦) زۆر بە وردی لەسەر ئەم کێشەیە وەستاوم و نامەوێت لێرەدا دووبارەی بکەمەوە. بەڵام هێندە دەڵێم ئەوەی بەناوی بازاڕی ئازاد و خوێندنی تایبەتییەوە، لە نەزانییەوە بە ڕۆڵی کارای پەروەردە، بەسەر کۆمەڵگەی باشووردا سەپێنرا، هیچی کەمتر نەبوو لەوەی بەعس تراژیدیای ئەنفال و دێ سووتانی بەسەر ئەم کۆمەڵگەیە هێنابوو، وەلێ ئەم ئەنفالەیان کاتی دەوێت بۆ ئەوەی زیانە ڕۆحیی و کردەییەکانی ئاشکرا ببن. هەر لە ئێستاشەوە ئەو نەخوێندەوارییە زۆرە دەبینیت کە بەرۆکی ئەم کۆمەڵگەیەی گرتووە. هەژارییەکی زمانی لە ڕووی ڕێنووس، خاڵبەندی و فەرهەنگییەوە ڕووی لە باشوور کردووە، کە

دەیان ساڵی سیاسەتێکی زمانیمان دەوێت تا ئەم هەڵەیەی کردوومانە، ڕاستی بکەینەوە.

*پێتانوایە لە هەرێمی کوردستان باشترە هەموو قوتابخانەکان بەپێی یەک مەنهەجی خوێندن کە شارەزایانی وەزارەتی پەروەردە دایانڕشتووە پەیڕەو بکەن، یا هەر قوتابخانەیەک دەتوانێ مەنهەجی خوێندنی خۆی پەیڕەو بکا؟*



من هەتا قۆناغی زانکۆ، لەگەڵ یەک مەنهەجیی خوێندنم کە تیایدا بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد و کوردستانییەکان ڕەچاو کرابێت. یەک مەنهەجی هەرچەندە بۆنی جۆرێ لە زۆری لێ دێت، بەڵام بۆ بیناکردنی ئەو سێ جۆر پەروەردەیەی لەسەرەتاوە ئاماژەتان پێ دا زۆر گرنگە. پێویستە ئەوەی پەیوەستە بە کوردستانەوە، لە قوتابخانە تایبەتییەکانیشدا پەیڕەو بکرێت و دەرفەت بە هیچ دامەزراوەیەک نەدرێ لە ژێر هەر ناوێکدا و بۆ هەر مەبەستێک لەم ڕێچکەیە لابدات. بۆ نموونە زمان و ئەدەب و مێژووی کوردستان دەبێت تا پێش زانکۆ بخوێنرێت. بۆ بیناکردنەوەی کۆمەڵگە و زەینییەتی کوردستانی، پێویستیمان بە جۆرێک لە «دیکتاتۆرییەتی پەروەردەیی» هەیە، چونکە «پەروەردەی بەناو دیموکراسی، کۆمەڵگەی ئێمەی بە قوڕی «بازرگانیی پەروەردەییدا» بردە خوارەوە و هەرچی هات بەناوی «وڵات» و زمانێکی بیانییەوە قوتابخانەیەکی لە بیچمی دووکانێکی پەروەردەییدا بۆ کردینەوە و کەوتنە فەزڵفرۆشی بەسەر کۆمەڵگەی ئێمەوە و پەروەردەیان کردە ئامرازێک بۆ لە خۆنامۆبوونی مرۆڤی کورد لەناو وڵاتەکەی خۆیدا. بەڵام هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم «شارەزایانی پەروەردە» ئەم مەنهەجە دابڕێژن، چونکە ئەم بەناو شارەزایانە لە بیست و هەشت ساڵی ڕابردوودا، هەر ئەوانەن کە دۆخی خوێندنیان گەیاندووە بەم ئێستا ماتەمبارە پەروەردەییە. ئەوانە نەک هەر شارەزا نین، بگرە خۆشیان لەو تۆڕانەوە گلاون کە ئیش بۆ ڕەواج پێدانی خوێندنی تایبەت دەکەن و دەستی درێژکراوەی بازرگانە پەروەردەییەکانی نێو وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵان و هەریەکەشیان ڕایەڵێکیان لەگەڵ قوتابخانە تایبەتییەکاندا هەیە. بوونی ئەم کەسانە و ئەوەی کە لە شوێنی بڕیاردان، بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە ئەوانە لە بواری پەروەردە و فێرکاریدا شارەزان. ئەمانە بەدەگمەنیان توێژەری پەروەردەیین و زۆربەشیان لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕیگری بکەن لەوەی پەرورەدەکارانی ڕاستەقینە وشارەزاکان بێنەوە وڵاتەکە و لەدامەزراوە پەروەردەییەکاندا پێگەی بڕیاردەرانەیان هەبێت. لەبەر ئەوە هەرگیز نامەوێت ئەمانە ئەو مەنهەجە دابڕێژن چونکە نایزانن و میزاجی تایبەت و بڕوای ئایینی و بیروڕای حزبییان تێکەڵ بە مەنهەجەکە دەکەن. ئەوەی دەبێت ئەم کارە بکات مەرجیش نییە خەڵکی باشووری کوردستان بێت. زۆر بەلامەوە ئاساییە و بگرە پێویستیشە لە دانانی وەها مەنهەجێکدا سوود لە کوردانی هەندەران، کوردی باکوور و ڕۆژهەڵات وەربگرین و ئەوان مەنهەجمان بۆ دابنێن چونکە هێشتا بۆ ئەوان مەسەلەی زمان وەک بەردی بناخەی شوناس، بەشێکە لە خەباتی نەتەوەیی و خۆ سەلماندن. ئەوان دەزانن چۆن زمان بکەنە سەنگەری مانەوە و بووژانەوە بە زمانی کوردی بدەن، وەک ئەوەی لە سنە و مەهاباد و مەریوان و سەردەشت و ماردین و دیاربەکر و ستۆکهۆڵم کاریان بۆ کردووە. ئەگەر وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا، بوێریی وەها هەنگاوێکیان هەبێت و دانانی مەنهەج، ڕادەستی شارەزایان و خەمخۆرانی ئەو بەشانەی دیکەی کوردستان و هەندەران بکەن، گەورەترین خزمەت بە نەتەوەی کورد و پرۆسەی پەروەردە و فێربوون لە کورستاندا دەکەن.

*بە ڕای ئێوە لە سیستەمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان (لە پەروەردە و لە خوێندنی باڵا) ئایا دژوازییەک بەم شێوەیە بەدی ناکرێ کە لە کاتێکدا بنەما بە دابینکردنی خوێندنی بێ بەرامبەر وەرگیراوە، بەڵام خوێندنی ئەهلی هەر دێ و زیاتر پەرە دەستێنێت؟ ئەمە لە کاتێکدایە تەنیا توێژێکی بچووک دەتوانن بۆ خوێندن لەم قوتابخانە و زانکۆیانە کەڵک وەرگرن و هەندێک لە شارەزایان پێیان وایە خوێندنی ئەهلی جیاوازیی چینایەتی بەرهەم دێنێتەوە و دەبێتە هۆی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی.*



خوێندنی تایبەت، یان ئەهلی لە هەرێمی کوردستاندا، جۆرێکە لە خوێندن کە خوێندن تیایدا ئامانج نییە، ئەوەندەی کراوەتە ئامرازی بازرگانی کردن بە خوێندنەوە. ئەوانەی بازرگانی بە خوێندنەوە دەکەن زۆرینەیان لە دەستەبژێری حزبین، یان سەرمایەداری مشەخۆری بێ دەروەست. حکوومەتی هەرێم لە کابینەی چوارەمەوە بە پەیڕەویکردن لە سیاسەتی بازاڕی ئازاد، دەرگای بۆ ئەم جۆرە بازرگانییە نوێیە کردەوە، کە هیچکات خەمی نەتەوەییی نەبووە و بۆی گرنگ نەبووە بەهۆی ئەم بازارە ئازادەوە چۆن خوێندنی حکوومی شکستی پێدەهێنرێت. یەکەم هەنگاوی ئەم سەرمایەدارە مشەخۆرانە لە بواری خوێندنی تایبەتدا بریتی بوو لە بێبەهاکردنی خوێندنی بێ بەرامبەر، یان بە خۆڕایی، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە زەینییەتی کورد، کە وشەی «خۆڕایی» چەندە لەلای بێبەهایە و بە سوود تەماشای دەکات. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕیکلامەکانی قوتابخانە تایبەتییەکان، کە هەمیشە بە کوردییەکی خراپ و بێ بنەما داڕێژراون، تیایاندا هیچکات وەرگر ناگەڕینرێتەوە، یان ئیرجاع نادرێ بەوەی ئەو کوردستانییە و مرۆڤی ئەم کۆمەڵگەیەیە. هەمیشە باڵاخوازانە و بە ستایلێکی زۆر بەرز ئەوەی بۆ وێنادەکرێت، کە کۆمەڵگەی خۆی، زمان و کولتوور و ئەزموونی ڕەسەنی خۆی لەبیر بکات و شەرمی لێ بکات. چونکە شتێکی دیکە چاوەڕێی دەکات و بەهەشتێک لە ڕێیدایە کە بەهۆی زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی، تورکی، یان ئەڵمانییەوە دێتە دی. نەخێر ئەم تەلیسمەی خوێندنی تایبەت هەر تەنیا توێژێکی بچووکی لە خێزانەکان نەگرتۆتەوە، بەڵکو هەموو کۆمەڵگە خۆی بۆ دەکوتێت تا منداڵەکانی لە خوێندنی تایبەت تۆمار بکات و ببێتە کۆیلەی بازرگانانی پەروەردە و فێرکردن. ئەوەش ڕاستە کە لە ڕێگەی خوێندنی تایبەتەوە، نەک هەر جیاوازیی چینایەتی بەرهەم دەهێنرێتەوە، بەڵکو نایەکسانیی کۆمەڵایەتییش زیادی کردووە و سنۆبیزم و لووتبەرزیی کولتووریشی لێ کەوتۆتەوە. من لە سەردانمدا بۆ قوتابخانە تایبەتییەکان، بە تایبەتی قوتابخانەی شوەیفاتی نێودەوڵەتی و بۆ قوتابخانەی میدیا و بریتیش سکووڵ، بە دەیان دایک و باوکی کوردی ستەمدیدەی ژێر ستەمی ئابووریی کوردستانم بینیوون، کە غرووری ئەوەی منداڵەکانیان لەو قوتابخانەیە دەخوێنن، بۆتە هۆکاری ئەوەی لە ئاست دایکان و باوکانی دیکەدا خۆیان بەگەورەتر بزانن و نەتوانن بە کوردی قسە لەسەر دەردی هاوبەشیان بکەن و بە ئینگلیزییەکی شەق و شڕ، قسە لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن بۆ ئەوەی پێشانی بدەن ئەوانیش لە پەیژەی شارستانییەت و پیرۆزیی زمانی ئینگلیزی سەرکەوتوون و هەست بە کەمایەسی و شکانەوە ناکەن. ئەوە بەدبەختییەکی گەورەیە دایکان و باوکانی هەمان کۆمەڵگە، نەتوانن بە زمانی خۆیان لەناو قوتابخانە تایبەتییەکاندا قسە لەگەڵ یەکتر بکەن و زمانی لێک حاڵی بوون لەگەڵ یەکتر بدۆزنەوە. تەنانەت لە قوتابخانەی بریتش سکووڵ ئەوەم بەدی کرد، کە ئەنجومەنی دایکان و باوکان هەرچەندە سەرۆکەکەی بە هەڵبژاردن کورد بوو، مامۆستای زانکۆ بوو،

کەچی ناچــار بوو بە عەرەبی، یــان ئینگلیزی لەگــەڵ گرووپەکەیــان بدوێت و بنووســێت! ئــەوەش کارەســتانە. چونکە دەســتەبژێرێکی عەرەب لــە هەرێمی کوردســتان هەن، کە نە کوردی دەزانن و نە دەیانەوێت فێریشــی ببن، بۆیە کورد ناچــار دەکەن هەم قەبووڵی میزاجە ئیســلامییە، سوونییە، شــیعییەکانیان بکات و هەم بە زمانــی ئەوانیش بدوێت. ئەوە ئەوپەڕی ســتەمکاریی زمانییــە کــە تــۆ خــۆت لــە کۆمەڵگەیەکدا پەنابەر بیت و زمانەکەت بەسەر وڵاتی داڵدەدەردا باڵکێش بکەیت و بیسەپێنیت.

**پێشک** *بەپێــی دوایین توێژینــەوەکان نزیک بیســت هەزار قوتابی و خوێندکاری زانکۆ لە قوتابخانــە تورکییەکان و زانکۆی ئیشک(تیشــک) درێژە بە خوێندن دەدەن. ئەمــە لە کاتێکدایە لە دەیــان توێژینەوەدا دەرکەوتــووە کە ئەم سیســتەمە لەســەر بنەمــای فیکــری ئیســلامیی تورکــی و بەپێی ڕێنماییەکانی بانگخوازی ئیسلامیی تورک، فەتحوڵڵا گوڵەن، بەڕێوە دەچن. ئایا ئەمە کاریگەریی لەســەر نەوەی داهاتووی کوردستان دانانێت؟*



گولەنییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بــۆ داوڕۆژی نەتەوەکەمــان مەترســییەکی گــەورەن. ئەوانە بە نموونەهێنانــەوە لە ســەعید نەوڕەســی وەک ســێمبوولێکی کــورد، ئێمە لە ئاســت مەرامە ئایدیۆلۆژییە ئیسلامییەکەیان چاوبەست دەکەن. لە ئێستاشدا وەشانخانەیەک لە هەولێر هەیە، کە کتێبــی قوتابخانەی گولەنییــەکان بە جوانترین شــێوە بۆ منــداڵان چــاپ دەکات. کاتێکیش دەوڵەتی فاشــیزمی تــورک ئــەم قوتابخانانەی قەدەخە کردن، ئەم بڕیارە هەرێمی کوردســتانی نەگرتەوە. زنجیرەی قوتابخانەکانی ئیشک(تیشک) تــا بڵێی بۆ ســەر داهاتــووی کۆمەڵگەی ئێمە مەترســیدارن، چونکە بەهۆی ئــەوەی زمانێکی باشــی ئینگلیزی و دیســپلینی زانستی فێری قوتابییەکان دەکــەن، ڕەهەنــدە ئایدیۆلۆژی و پانتورکیزم و شــۆڤێنییەکەی خۆیان دادەپۆشن. وتنەوەی وانەی زمانی تورکی بەو چڕییەی لەوێ دەگوترێتەوە، ئامانجی ئامادەکردنی نەوەیەکە بۆ داوڕۆژ کە خۆی بە وابەســتەی تورکیا بزانێت و باکی بە نیشــتیمانی خۆی نەبێت. زمان کلیلی چوونــە نــاو کۆمەڵگەیەکە، نەک ئامــرازی ئەو پرۆســەیە. لەبەر ئەوە وەک ئێوە پێشــبینیتان کردووە، کاریگەریی زۆر خراپی لەســەر نەوەی داهاتووی هەرێمی کوردستان دەبێت. بەتایبەتی لە ئاســاییکردنەوەی ئەو تراژیدیا زاڵمانەیەی کە دەوڵەتــی تورکیای نیوەی ســەدەی بیســت و یەکــەم بەســەر کوردەکانیدا هێنــان. هاوکات بەوەش سەفەری بەردەوام بۆ تورکیا و ئاسانکاری بۆ قوتابیان و بێباکیی دایک و باوکانی ئێمە لەم ڕەهەندە ئایدیۆلۆژییەی زنجیــرە قوتابخانەکانی ئیشــک، کاریگەریــی زۆری دەبێــت لەســەر ســەرهەڵدانی نەوەیەک کــە لەناخەوە خۆی بە تورک بزانێــت. هەروەهــا حکوومەتی تورکیای شــۆڤێنی بە زۆر شــێوە لە هەوڵدایە ئەوە بخاتە زەینی جیهانەوە کە ئەم بەشــەی کوردستانیش بەشــێکی جیانەکراوەیە لە دەوڵەتی تورکیا و بۆ ئەمەش پەنا بۆ کەیسی ویلایەتی مووسڵ دەبەن. لەوانــەش بترازێــت، لــە ڕووی کولتوورییەوە، بەتایبەتی لە بواری موزیک و تەلارســازیدا، هەر ئێستا تورکیا دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە کولتووری تورکی بەســەر هەرێمی کوردستاندا باڵادەســتە. زۆرینــەی مزگەوتەکان و شــوێنە گەشــتیاری و بگرە قەڵای هەولێریش لەســەر بنەمای تەلارســازیی تورکی نۆژەن کراونەتەوە. ئەمــڕۆ کابــرای دووکانــداری کــورد بیەوێت کاڵایەکت لەلا شــیرین بکات دەڵێت: تورکییە! بــەم جــۆرەش نــەک هــەر تەنیا لــە ڕێگەی قوتابخانــەی گولەنییەکانــەوە، بەڵکو لە ڕێگەی ئابــووری و کولتووریشــەوە زەینییەتی کوردی هەرێم زەینییەتێکی داگیر کراو و ئامادەکراوە بۆ فۆرمێکی دیکەی کۆلۆنیاڵیزم.